# بەشێک لە ڕووباری کیزیلیرماک لە باکووری کوردستان بەهۆی شەپۆلی سەرما بە سەهۆڵ داپۆشراوە



بەهۆی کەشوهەوای سارد و شەپۆلی سەرمای بەردەوام لە سێواس، ڕووباری کیزیلیرماک، کە بە یەکێک لە درێژترین ڕووبارەکانی باکووری کوردستان و تورکیا دادەنرێن، بەشێکی بە سەهۆڵ داپۆشرا.

ئەمڕۆ شەممە، سەهۆڵ بەشێک لە ڕووباری کیزیلیرماک-ی لە پارێزگای سێواسی باکووری کوردستان داپۆشیوە، کە لە لێژییەکانی باشووری کیزلدیک لە ناوچەی عەمرانلی سەرچاوە دەگرێت و لە سەری باڤراوە دەڕژێتە ناو دەریای ڕەش، لە ناوچە مێژووییەکانی کیسیک کەبری و کارشیاکا.

لە بەشەکانی دەورووبەری پردی مێژوویی ئیگری، ڕووی ڕووبارەکە لە مەیدانی یاری خلیسکێنەی سەر سەهۆڵ دەچوو و بەگوێرەی داتاکانی کەشوهەوای تۆمارکراوە لە تورکیا، پێشبینی دەکرێت کاریگەری شەپۆلی سەرما لە شاری سێواس تا هەفتەی داهاتوو بەردەوام بێت.

